# پەرەسیلکە

١٣



**بابەتەکانی ئەم ژمارەیە :**

**چیروکی تەجرووبەی یەکەم مردن

**لاپەرەیێک لە مێژوو

**شیعر

**با فێر بین کاردەکانمان تەنیا بۆ دابەشکردن بە کار بهێنین


پاشکۆی رێگای گەل

تایبەت بە مندالان و تازە لاوان

رەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی

# تەجرووبەی یەکەم مردن

## نووسینی چریکی فیدایی گەل ، مەرزیەی ئەحمەدی ئۆسکویی



« نوبەر » کچێکی هەتیو بوو کە لە گەڵ براێکی دەژیا ، ئەو باوک و دایکی وەبیر نەدهات . دەوڵەمەندەکان زۆر بە راحەتی گەمە بە هەژارەکان دەکەن و ئەوان شێت دەکەن و بۆ سووکایەتی کردن بەوان ناوێک لە سەریان دادەنێن کە بۆ ئەم مەبەستە زەحمەتی زۆر بە خۆیان نەدەن . برای نوبەر لە سەرەتاوە کورێکی زەحمەتکێش بوو و هەروا زەحمەتکێش مایەوە . ساڵەکانی کۆتایی دا کە لە شاروچکەکەم بووم ئەو بژیوی خۆی لە رێگای کۆڵ کێشی دابین دەکرد و خاوەنی دوو منداڵ بوو . من نیسبەت بە ئەو زۆرتر رێزم دادەنا تاکۆ رەئیسەکانی فەرمایشیم و خۆیشی لەم رێزدانانە ئاگادار بوو . لەم ساڵانەی دوایی دا کوری بچووکی ئەو لە کاتی قسە کردنی لەگەڵ یەکێک لە کورەکانی موهەندسێک کە هاوتەمەنی ئەو بوو وتە بووی ئارەزووی ئەوە کە گەورە بوو ببێتە موعەلیم و منداڵی موهەندیسەکە پێ وتە بووی کە لە خۆرا ئەم بیرە مەکە ، باوکت حەماڵە تویش حەماڵ دەبی . هەر دووی ئەم منداڵە پێنج ساڵان بوون . بەڵام ئەرزشەکانی باو لە ناو کۆمەڵگا دا بە باشی بەم دوو منداڵە وردە بورژوایە مانای جیاوازی چینایەتیی تێ گەیاندە بوو . لە بەسەرهاتەکە دوور کەوتمەوە ، گوایە پیویست بوو کە داستانەکە ببەمە ئەم شوێنە و منیش قەڵەمم بەردا . لە « نوبەر » وتم ، « نوبەر » تاهیرە و تاهیرە گویە و مەرزیە جەلال هاورێانی من بوون کە لە تەنیشت مالی باوە گەورەم خانوویان هەبوو و من هەر جار کە لە گەڵ هاورێانی جیرانمان قسەم نەدەکرد یان لە ماڵدا تەنیا بووم دەچوومە لای ئەوان . شوێنی گەمەی ئێمەیش گورەپانی « مەلا گەنجی » بوو و ماڵی نوبەریش لەو مەیدانە بوو . ئەمن نازام بۆچی ناوی ئەو شوێنە « مەلا گەنجی » بوو بەلاّم بۆ منداڵەکان سێ شتی بە نرخ لەوێدا بوو . یەکەم سوچێک لە مەیدانەکە کە خەڵک زبلەکانیان لەوێ فرێ دەداد و ئێمە لە ناو ئەو زبڵانەدا زۆر شتی بەکەڵک لە بزمار و شیش و چەرخ و ئەوانەی تر پەیدامان دەکرد ، دووهەم دارە تووی گەورەێک کە میراتی منداڵانی بیچە بوو و هێشتایش هەیە و سێهەم دارە نارەوەنێکی گەورە کە گەڵاکانی لە وەرزی بەهار دەمانچنیەوە . دەستەکانی نوبەر لە دەستەکانی من شەق شەق تر بوو و چرکی دەم و چاوی داگرتبوو . هیچ کات شانە لە قژی نەدەداد .کراس و پانتولەکەی وەک یەک درڕا بوو . قژەکانی پر لە ئەسپێ و رشک بوو . ئەو دایکی

نەبوو و بویە لە هەمووی ئێمە پیستر بوو . پێم خۆش بوو ماڵی نوبەر لە نزیکەوە ببینیم . رۆژێک شانس رووی لێم هێنا و چوومە مالی نوبەر ، لە دەرگا کە چوومە ژوورەوە ئاشپەزخانەیێکی رووخاوی گەورە کە گەڵ دیوار و ستونەکانی رەش بوو . لایێکی لە سەقفەکەی رووخا بوو ، لە دیواری رووخاوی ئاشپەزخانە بەرەو ناو ژوورەکە رێگا هەبوو .

کەفی ژوورەکە هیچێک رانەخرا بوو . لە سووچێک لە ژوورەکە کورسی دانرا بوو بەلاّم نە سەرین بوو نە دوشەک ، تەنیا لەحافێکی دڕاو لە سەرێدا ڕاخرا بوو و لە حالێکدا ناو زکی لەحافەکە لەم شوێن و لەو شووێن بەسەر زەوی کەوتبوو ، لە ژێری دا کوتێک چادری شەوی پینەوپەرۆ پان کرا بوو . ئەمە یەکەم کورسێک لەم نوعە بوو کە ئەمبینی .کورسی ئمێە پاک و خاوین بوو . گۆشەی ژوورەکە مەخزەنێک لەو شتانەی کە لە ناو زبڵدان دوزی بوومان کۆ کرا بوو . حەقیش ئەمە بوو .نوبەر هەمیشە لە ناو زبڵەکاندا دەگەڕا و بۆ ئەم کارەش زۆرتر لە هەموومان کاتی تەرخان دەکرد . لە بەر ئەوەی کە هیچ کات دایک یان خوشکی گەورەتر یان کەسێک پەیدا نەدەبوو کە لە خۆڕا بانگی بکات و موزاحمی بێت و بەراستی دا ئێمە مندالانی تریش لە بەر ئەم مەسەڵەیە حسودیمان پێ دەهات .

یەکەم جار خەریکی ئەشیاکان بووین و من چەرخی بچوکی ئاسنێک لە ناو ئەسباب بازیەکانی ئەوم هەڵبژارد و خوشم لێ هات و نەمشاردەوە کە حەزی لێ دەکەم و بە نوبەرم وت ئەمە بە من دەدەی ؟ و ئەویش زۆر زوو پێمی وت بۆ تو هەڵیگرە .من رووبەرووی مەسەڵەیێکی زۆر سەیر بووم . لە بەر ئەوەی کە کاتێک هەڵسەنگاندم دەکرد دەمبینی ئەگەر ئەو شتێک لە ئەسباب بازیەکانی منی هەڵدەبژارد هیچ کات بەو راحەتیە بەوم نەدەدا . ئەو رۆژە ئەم شتە بووم مەسەڵەیێکی زۆر گەورە بوو . هەستم بەوە کرد کە ئینسانێکی ئاو ژێرکا و حەسوود و بە تەمام. لە بەر ئەوەی کە نەمدەتوانی ئەم تایبەتمەندیەی خۆم لێکبدەمەوە . دوایی تێگەیشتم کە هۆی ئەم تایبەتمەندیەی من ئەوەی نە بووە کە بیرم لێ دەکرد . من لە بنەماڵەیێکی وردە بورژوا گەورە و پەروەدە کرا بووم . ماڵک بوونی تایبەتی و تاکەکەسی بە سەر هەموو شت لەو بنەماڵەدا تەعکیدی لە سەر دەکرا . ماڵی ئێمە ، باخی ئێمە و ئەمەیش خۆ لە خۆ شمولی خرت و پرتەکانی منیش دەکرد . لە حالێکدا نوبەر هەتا دایک و باوکی نەبوو کە پێان بلێت : باوک و دایک من و یا ئەوان پێ بلێن : کچی من . دایکی هیچ کات بەوی نەیوتە بوو : ئاگادار بە هاورێەکانت بووکەکانت نەدزن . بەلاّم دایکی من زۆر لەم قسانەی بە من کردە بوو . بە ئەویان نەیوتە بوو کە شتەکانت بە دەستی کەسانی تر مەدە و لەم قسانەی کە لە سەرەتاوە بیر و فیکری ئینسان پیس و ناپاک دەکات . لەو کاتەی کە خەریکی خرت و پرتەکانی نوبەر بووین لە ناکاو ئەو دەمی بەست و دەستێکی لە سەر لێوی دانا و بە دەستی دیکەی و ئەو دەنگانەی کە لە دەمی داخراوی دەر دەهێنا منی تێ گەیاند کە دەمم ببەستم .من بە باشی مانای ئەم کارەی نەمدەزانی بەلاّم جموجۆلی ئەو ئەوەندە جیددی بوو کە منی مەجبوور کرد قسەی ئەو قبووڵ بکەم . پاشان نوبەر ئیشارەتی بە قەراخ دیوارەکە کرد کە لەوێدا هەزار پێکی درێژ دەرویشت . من لە جێگامی هەستام و بیزم هات ، هەتا ترسام ، لە دیوارەکە دوور گرتمەوە ویستم بە نوبەر بڵێم کە ئەویش دوور بگرێتەوە کە ئەو بە دەمی بەستراو « ئوم » « ئوم » ی دەکرد و بەم دەنگە منی تێگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک دەمم نەکەمەوە . ماویەک بەو حاڵە مایەمەوە . هەزارپێ بە رێگای خۆی دەرویشت و چووە ناو کونێکی دیوارەکە و خۆی شاردەوە نەوبەر دەم کردەوە وتی

مەگەر تو نازانی ؟

چی ؟

ئەمەی کە ئەگەر هەزارپێ ددانەکانی ئینسان بژمێرێ

ئینسان دەمرێ ؟

نە !

بەڵی ، مەگەر نەبینیت کە من زوو دەمم بەست .

ترسام . ئایا لەو چەند ساتەی کە من هەزارپێم نەبینی بوو

هەزارپێ ددانەکانی نەژمێردە بوو ؟

نوبەر ئەڵم کە ، ئەگەر هەزارپێ ددانەکانی ئینسان بژمێرێ

ئینسان زوو دەمرێ ؟

بەڵێ ، لەوانەیە شەو بمرێ...

زۆر ترسام : خۆزگە نەهاتبامە ماڵی نوبەر ، لەگەڵ خۆم

بیرم دەکرد:

من دەمرم .

بۆ کوێ دەچی ، وەرە لە ژێر کورسی دانیشین .

ئەگەر جارێکی تر هەزارپێ هاتن ...

دەزانم ، هەموو رۆژێک دێت .

پاشان دەستی منی گرت و بردمەی لای کورسی .

هەردووومان لە سەرما رەنگمان گۆڕی بوو و دەلەرزاین .

« پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو »

PARASILKA

Parasilka_87@yahoo.com



## ((بەرنامەی کۆماری فیدراتیوی شووراییی ئێران ))

دابین کردنی ناوەندەکانی سەیران و خۆشی، خوێندن، وەرزش و ناوەندەکانی هونەری، خانەی منداڵان و هەموو ئیمکاناتی یاریدان ،کە بۆ گەشەسەندن و چوونەسەری فەرهەنگ و ئاستی ژیان و بوژانەوەی دامەزراوەکان لە کارو باری کشت و کاڵی و دانیشتووانی لادێیەکان، بەکاردێن.



# لاپەرەیێك لە مێژوو



منداڵان و تازە لاوانی ئازیز لەمەو بە دواوە بەشێک لە پەرەسیلکە لە ژێر ناوی لاپەرەیێک لە مێژوو بە مەبەستی شی کردنەوەی مێژوو و رووداوە مێژووئیەکان و پەیوەندئیان لە گەڵ یەکتر تەرخان دەکەین . بۆ ئەم مەبەستە پیویستە جیاوازی مێژوو لە گەڵ رووداوە مێژووئیەکان بە باشی بزانین تاکو چیتر فریوی ئەو بە رواڵەت مێژووەی نەخوین کە لە قوتابخانەکاندا بە ناوی مێژوو فێری ئێمە دەکەن . هەر چەند زانینی رووداوە مێژووئیەکان پیویست و زەروورە بەڵام بە بێ زانینی هۆکارەکانی روودانی ئەم رووداوانە کارێکی بەسوود نیە و بە لارێمان دەبات . پەس با بزانین مێژوو لە ئەساس دا چیە ؟

## مێژوو چیە ؟

مێژوو بریتیە لە بەسەرهاتی کۆمەڵگای ئینسانی و باس لە پێکهاتەکانی هەر دەورەیێک لە کۆمەڵگا لە بواری و شێوە و شێوازی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی و دابەش بوونی کۆمەڵگای ئینسانی بە دوو چینی جیاوازی خاوەن سروەت و سەرمایە و یان دەوڵەمەند و چینێکی تر واتە بەرهەم هێنەری سروەت و سەرمایە و یان ئیشکەر . دەورانی یەکەمی ژیانی کۆمەڵگای ئینسانی لە سەر ئەساسی زوڵم و زور و چەوساندنەوە نەبوو بۆیە مێژووی ئەم دەوریە بریتی بوو لە شەری ئینسان بۆ زیندوو مانەوەی خۆی بە دژی رووداوە سرووشتیەکان و تەلاش بۆ تێر کردنی زکی خۆیدا و نەک زیاتر . ئەم دەورەیە لە ژیانی ئینسان بە ناوی کۆمۆنی سەرەتایی ناسراوە واتە کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی کە ئاسەوارێک لە چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤێکی تر لەوێدا پەیدا نەدە بوو . ئەمە یەکەم شێوە و شێوازی بەرهەم هێنانی مرۆڤ بوو لە مێژوودا . ئەساسی ئەویش بریتی بوو لە خاوەن ملکایەتی گشتی و کاری گشتی بۆ ژیانی گشتی . لە بەر ئەوەی کە ئاستی بەرهەم هێنان لە خوارەوە بوو چەوسانەوە مانایێکی نەبوو و خاوەن ملکایەتی گشتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان وەک زەوی و ئامرازی کار و شوێنی هەوانەوە پەیوەندیی نەبوو بە تێ گەیشتنی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە لە مێژوودا .

ئەمە تەنیا پەیوەندی هەبوو بەوەی کە ئامرازەکانی کار زۆر سەرەتایی بوون و ساکار . هەر کەسێک بە تەنیایی نەدەتوانی پیداویستیەکانی ژیانی خۆی دابین بکات و بە دژی هێزە سرووشتیەکان راوەستێ . ژیان و کاری گشتی و دیفاعی هاوبەش زەرووری بوو . ئەم دەورانە ملیونەها ساڵی خایاند .بەڵام بە گەشە کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە لایەن ئینسانەوە بە درێژایی مێژوو پیویست بوو کە کاریش بە سەر ئینسانەکان بە لەبەر چاوگرتنی جنسی

ئەوان واتە ژن یان پیاو – و یان تەمەنیان واتە پیر و لاو دابەش بکرێت و لەم دەورانەدا وردە وردە مەسەڵەی مێژوو و کۆمەڵگای ئینسانی رەنگێکی دیکەی بە خووە گرت . لە ژمارەی داهاتوودا باس لە رێکخراو و یان پێکهاتە عشیرەتیەکان وەک دیاردەیێکی نوێ لە مێژووی کۆمۆنی سەرەتایی دەکەین . هەر شاد بن .

**پەرەسیلکە**

---

# ساوای ئاشتی خواز

منالێکم کۆرپەی ناز
وەک باوکی خۆم ئاشتی خوّاز
کۆتری سپیی تەقڵەباز
لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی خوّاز
نامەوێ گرمەی بۆمبا
بە کوتەک لە کەللەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ
ماڵی باوکم با بە با
منالێگم ، منالێکم ، ئاشتی خوّاز
باوکم نابێ بێکار بێ
ڕووت و قووت و هەژار بێ
دایکم فرمێسکی خەمی
وەک دڵۆپی بەهار بێ
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی خوّاز
نامەوێ هەتیو کەوم
کەلاوە بێ جێی خەوم
لەبەر ئەوە ، مایەی شەڕ
کێ بێ، دوژمنی ئەوم
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی خوّاز
ئەمجا مەرجە تا ماوم
بە زمانی پاراوم
گۆرانیی ئاشتی بڵێم
ئاشتیی ڕووناکیی چاوم
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی خوّاز

*(( گۆران ))*



## با فێربین کاردەکانمان تەنیا بۆ دابەش کردن بە کار بهێنین !

تازەلاوی ئازیز تاکو ئێستا هیچ بیرت لە فەرق و جیاوازی کردووە ؟ و هەوڵت داوە تاکو ریشەی فەرق و جیاوازی و هاندەرەکانی فەرق و جیاوازی خستنەوە بناسی ؟ تاکو ئیستا چەندە بە وردی موحیتی دەوروبەری خۆت بە باشی خستووتە بەر چاودێری و چەندە لەوێ تێگەیشتووی و ئایا هەوڵت داوە بە سەرێدا تەعسیر دابنی ؟ موحیتی دەوروبەرت وەک دۆست و ناسیاری خۆت و یان ئەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆتدا بە چاوی خۆت دەبینی و یان تەعسیری لێ وەردەگری و یان ڕاستەوخۆ و یان ناراستەوخۆ لە سەر بیرو بۆ چوونی تو کاریگەرن . بێ گومان هەموو ئەم پرسیارانە دەگەرێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی ئێمە وەک مرۆڤێک بە نیسبەت موحیتی دەوروبەرمان کە بە هەموو شێوەیەک تەعسیری لێ وەردەگرین . با موزوعەکە زۆر ئالۆز نەکەین تاکو باشتر بەنیسبەت دۆزینەوەی وەڵامەکە بیر بکەینەوە . منداڵێک و یان تازەلاوێک لە سەرەتای ژیانی منداڵیەوە لە موحیتی بنەماڵەدا و لە ژێر تەعسیری تەربیەتی باوک و دایک و پاشان قوتابخانە وەک ناوەندی فێرکردن و پەروەردە فێری زۆر بابەتی کۆمەلایەتی دەبێ وەک ئەوەی کە لە منداڵیەوە فێرمانی کردوون ئەشیای تو ، فەلان شت و بیسار شتی تو ، کتێبی تو و ... هیچ کات فێر نەبووین بە وشەی پیوسیتی تو و پیوسیتی هاورێ تو و یان مرۆڤێکی تر ئەم شێوە پەروەردەیە وا فێرمانی کردووە و وا لە مێشکی ئێمە جێگیر بووە کە تەنیا خۆمان بە خاوەن و شایستەی هەموو نەعمەتەکانی سەر زەوی بزانین نەک کەسێکی تر وەک خۆمان . خۆمانمان هەر لە منداڵیەوە حازر کردووە بو ئەوەی کە بۆ وەدەست هێنانی سروەت و ماڵی زیاتر بخوێنین بە بێ ئەوەی کە قەد سەرنج نەدەینە ئەو منداڵانەی لە سەر رێگای قوتابخانەکانمان خەریکی دەریوزەگی و یان کرێکاری و یان دەس فرۆشین لە قەراخ شەقامەکان بۆ تێرکردنی زکی خۆیان و بنەماڵەکانیان . خۆمانمان ئامادە کردووە تاکو ببینە دوکتور و موهەندیس تاکو کاتێک گەورە بین بە بێ لەبەر چاوگرتنی مەسئولیەتی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی ئەم پیشانە تەنیا لە بیری کۆ کردنی پول بین . ئەگەر ببینە دکتور بۆمان گرینگ نەبێت کە سەدان کەس بە سەر سەری موعاینە بکەین بەڵکو تەنیا حەقی ویزیتەکەیان بۆمان بەلاوە موهیم بێت و یان موهەندسێک بین کە خاوەن خانوو و ماشین و ژیانی مورەفەح بین . هیچ کام لە ئێمە حەز ناکەین ببینە کرێکارێک لە کارخانە و یان جووتیارێک بین لە لادێ لە بەر ئەوەی کە هەرچەند دەزانین ئەوان هەموو پیداویستیەکانی مرۆڤی دەوڵەمەند دابین دەکەن و



و بەرهەمی دێنن بەڵام لە هەمان حاڵدا لەو پیداویستیانە بە تەواوی بێ بەشن ، هەر بۆیە قەد بیریش لەوەی ناکەین کە ئەم وەزعە ناعادلانەیە دەبێ بگوردرێ .
تەربیەتی بنەماڵە ئیمەی فێرکردووە کە ئەگەر کچ بین دەبێ بە دوای بەختی باش بین بۆ دوارۆژمان و ئەگەر کور بین دەبێ خۆمان بە مالیک هەموو شت بزانین تەنانەت ئەو کاتەی گەورە بووین لە سروەت و ملکی خۆمان بۆ زاڵ بوون بە سەر خیزانی خۆمان کەڵک وەرگرین . لە لای ئێمە خۆش بەختی تەنیا سروەت و ملکی زورترە و جوانترە و بەس .لە قوتابخانەیش فێرمانی کردوون کە بۆ نموونە کی گەنم دەکێلێ: جووتیار ، کی وردی دەکات : ئاسیاوان ، کی دەیبرژنێ : نانەوا ، کی دەیخوات : ئێمە ، بەڵام قەد فیرمانی نەکردوون کە چۆن و بە چ شیوەیێک جووتیار تاکو ئێمە بە هەزار بەدبەختی گەنم دەکێلن و وردی دەکەن و دەیبرژنن و ئێمەش بە چ قۆر بە سەرێک دەیکرین و دەیخوین . یان هیچ ئاماژە بە ئەوەی ناکرێ کە هەزاران منداڵی وەک ئێمە بە بێ خواردنی تەنانەت یەک نان زکی برسی شەو دەکەنە رۆژ و رۆژیش دەکەنە شەو ، بە لای ئەوان کە ئێمەیان فێرکردوون گرێنگ وشەی « من » ە نە وشەی « تو ، ئەو ، ئێمە و ئێوە و ئەوان » و یان لە یەک کەلامدا _ << وشەی ئێمە >> . یان هیچ ئاماژە بە ئەوەی ناکرێ

که هەزاران منداڵی وەک ئێمە بە بێ خواردنی تەنانەت یەک نان زکی برسی شەو دەکەنە رۆژ و رۆژیش دەکەنە شەو ، بە لای ئەوان کە ئێمەیان فێرکردوون گرێنگ وشەی « من » ە نە وشەی « تو ، ئەو ، ئێمە و ئێوە و ئەوان » و یان لە یەک کەلامدا _ << وشەی ئێمە >> .
تازە لاوی ئازیز با تۆزێک سەرنج بدەینە دەوروبەمان و فێربین کە لە هەر شەرایتێکدا کاردەکانمان بۆ دابەشکردنی ئەوەی کە لە دەستمان دایە بەدەربێنین ، با هەوڵ بدەین خۆشیەکانمان دابەش بکەین و وشەی هی ئێمە بە جێ وشەی هی من بە کار بێنین .

